**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە :** 22388 **لە** 2014/11/19

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی سێ برگەی یەکەم لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (6)ی ساڵی 2009 بریارمان بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە :-**

**رێنمایی ژمارە** (2) **ساڵی** 2014

**رێنمایی گواستنەوەی دۆسیەی کەسی بیانی**

**ماددەی یەکەم : پێناسەکان**

**1-گواستنەوەی دۆسیە :- مەبەست لە گواستنەوەی دۆسیە رەوانەکردنی دۆسیەی کەسی بیانی لە بەرێوەبەرایەتی نشینگەیەك بۆ یەکێکی تر لە ناو هەرێم0**

**2-کارتی مانەوە :- ئەو کارتەیە کە دەدرێت بە کەسی بیانی بە مەبەستی مانەوە لە هەرێم کە لە شەش مانگ کەمتر نیە .**

**3-هەرێم :- هەرێمی کوردستانی عێراق .**

**4-وەزارەت :- وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان .**

**5-بیانی :- ئەو کەسەیە کە هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی نییە .**

**ماددەی دووەم : مەبەست لە دەرکردنی ئەم رێنماییانە رێکخستنی رێکارەکانی گواستنەوەی دۆسیەی کەسی بیانیە بە شێوەیەکی سیستماتیك وە رێگرتن لە بازرگانیکردن بە کرێکاری بیانی 0**

**ماددەی سێیەم :- گواستنەوەی دۆسیە لە دەسەڵاتی بەرێوەبەری گشتی رەگەزنامەی هەرێمە و نابێت بیداتە خوارەوەی خۆی .**

**ماددەی چوارەم :- کرێکاری بیانی یان خاوەن کارەکەی دەتوانێت داوای گواستنەوەی دۆسیەی بکات بۆ کرێکاری بیانی لە نێوان پارێزگاکانی هەرێم لە رێگای پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ ئەو بەرێوەبەرایەتی نشینگەیە کە کارتی مانەوەی (اقامە) پێداوە بەم مەرجانەی خوارەوە :-**

**1-سێ مانگ بەسەر پێدانی کارتی مانەوەی (اقامە) تێپەربووبێت .**

2- کارتی مانەوەی بەسەر نەچوویێت .

3- داواکراو بێت لە لایەن خاوەن کارێکی تر لەو پارێزگایەی کە دەیەوێت دۆسیەکەی بۆ بگوازرێتەوە وە گرێبەستی ئەنجام دابێت وە لە لای دادنوس پەسند کرابێت .

4- دەستەبەری کەسایەتی کرابێت لە لایەن خاوەن کاری نوێ وە لە لای دادنوس پەسند کرابێت

5- ئاگاداری هەر دوو بەرێوەبەرایەتی کار لەو دوو پارێزگایەی کە دۆسیەکەی لێ وە بۆ دەگوازرێتەوە بکرێت بە مەبەستی ئەنجام دانی رێکاری یاسایی خۆیان 0

6- گواستنەوەی دۆسیە لە ساڵێکدا یەك جار ئەنجام دەدرێت وە ساڵەکە لە بەرواری دوا گواستنەوەی ئەژمار دەکرێت .

**ماددەی پێنجەم:** - گواستنەوەی دۆسیە بۆ خاوەن کار یان کۆمپانیا یان پرۆژەی وەبەرهێنان دەکرێت بەمەرجێك کۆمپانیاکەی یان پرۆژەکەی گواسترابێتەوە بۆ ئەو پارێزگایەی کە داوای گواستنەوەی دۆسیەی بۆ دەکات یان لقێکی لێ کرابێتەوە بە پشتگیری لایەنی حکومی پەیوەندیدار

**ماددەی شەشەم :-** مەبەست لە کرێکار و خاوەن کار ئەو کەسانەی لە ماددە(8) لە یاسای کاری عێراقی ژمارە(71) ساڵی 1987 ئاماژەیان پێدراوە.

**ماددەی حەوتەم:-** گواستنەوەی دۆسیە بۆ ئەو هاوولاتیە بیانیانەی کەلە ماددەی چوارەم و پێنجەم ئاماژەیان پێ نەدراوە دەکرێت بەبێ مەرج وەبەهەمان ئەو دەسەڵاتەی کە لە ماددەی سێیەم ئاماژەی پێ دراوە.

**ماددەی هەشتەم:-**

1- پێویستە لەسەر ئەو بەرێوەبەرایەتیەی کە داوای گواستنەوەی دۆسیەی لێ کراوە دوای تەواوکردنی گشت رێکارەکان دۆسیەکە رەوانەی بەرێوەبەرایەتی گشتی رەگەزنامە بکات بەرێگای پۆستی فەرمی بۆ وەرگرتنی رەزامەندی .

2- دوای وەرگرتنی رەزامەندی،کەسی بیانی ئاگاداردەکرێتەوە وەدۆسیەکە رەوانەی ئەو بەرێوەبەرایەتی نشینگەیە دەکرێت کە دۆسیەکەی بۆ گوازراوەتەوە

3- لەکاتی رەتکردنەوەی داواکاری گواستنەوەی دۆسیە ، کەسی بیانی دەتوانێت لە ماوەی (7) رۆژدا تانە لە بریارەکە بدات لە بەردەم هەمان دەسەڵاتی گواستنەوە.

**ماددەی نۆیەم:-**

1- هەرکرێکارێك ئەم رێنماییانە جێ بەجێ نەکات و لە پارێزگایەکی تر کاربکات نشینگەی لێوەردەگیرێتەوە وە دیپورتی وڵاتەکەی دەکرێت.

2-هەر کۆمپانیایەك یان پرۆژەیەك بە پێچەوانەی ئەم رێنماییانە کرێکاری بیانی بەکاربهێنێت دەخرێتە لیستی رەشەوە ( بلاك لیست ) و کرێکارەکە دیپۆرت دەکرێت.

**ماددەی دەیەم:-** کار بە هیچ رێنماییەك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم رێنماییانە.

**ماددەی یانزدەم:-** ئەم رێنماییانە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) کاری پێ دەکرێت .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە :** 22618 **لە** 2014/11/19

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە ماددە( 3 برگە/ یەکەم ) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (6)ی ساڵی 2009 و بەشی (36 برگە/ب ) لە یاسای هاتووچۆ ژمارە (86)ی ساڵی 2014 ئەم رێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**رێنمایی ژمارە** ( 3 ) **ساڵی** 2014

**رێنمایی یەکخستن و دانانی نرخی پشکنین و چۆنیەتی پشکنینی توندوتۆڵی ئۆتۆمبیل**

**مادەی یەکەم: پێناسەکان**

1- وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان .

2- بەڕێوەبەرایەتی: بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان .

3- کۆمپانیای پشکنینی مەرجەکانی توندوتۆڵی ئۆتۆمبیل: مەبەست لە کۆمپانیای پشکنینی مەرجەکانی توندوتۆڵی ئۆتۆمبیل ئەو کۆمپانیا رێپێدراوەو مۆلەتدراوە بەپێی یاسا و رێنماییە کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان.

4- مەرجەکانی توندوتۆڵی وسەلامەتی: مەبەست لە مەرجەکانی توندوتۆڵی و سەلامەتی ئۆتۆمبیل بریتیە لە دڵنیابوون لەوەی کەوا هەموو ئامێرەکانی ئۆتۆمبیل بە باشی کاردەکات بەبێ هیچ کێشەیەکی هونەری و بەپێی مەرجەکانی کەلە یاسای هاتووچۆی ژمارە (86)ی ساڵی 2014 هاتووە

**مادەی دووەم:**

مەبەست لە دەرکردنی ئەم رێنماییە: